سەفەری ئەبەدیی دەنگ؛ لە یەکەم پڕووشکی سروشتەوە بۆ جادووی قوڕگی مرۆڤ

نووری بێخاڵی

دەروازە

ئامێـری دەنـگ، یـان وەک لـە مێـژووی هونـەردا پێـی دەوترێـت (ئامێـری دەنگـی سـەرەتایی)، دەروازەی چوونـە نـاو جیهانـی میوزیکـە وەک یەکێـک لـە کۆنتریـن ئـەو ئامـرازە میوزیکیانـەی کـە مـرۆڤ بـەکاری هێنـاون. مێـژووی ئـەم ئامێـرە ئەفسـووناوییە بـۆ سـەردەمەکانی پێـش مێـژوو دەگەڕێتـەوە، کاتێـک مرۆڤـە سـەرەتاییەکان دەنگـە سروشـتییەکان و ئامـرازە سـادەکانی دەوروبەریـان بـۆ بەرهەمهێنانـی یەکەمیـن ترپەکانـی میوزیـک بـەکار دەهێنـا. ئـەم گەشتە مێژووییە پێویستی بە تێڕامانێکی ورد هەیە لـە پانتایـی زەمەنـدا بـۆ دۆزینـەوەی ڕەگوڕیشـەی ئـەم دەربڕینـە مرۆییـە دانسـقەیە.

مێژوو و سەرهەڵدان

وا بـڕوا دەکرێـت کـە یەکـەم ئامێـرە میوزیکییـەکان لـە چاخـە بەردینەکانـدا دەرکەوتبـن. لەو سـەردەمە دێرینانەدا، مرۆڤـە سـەرەتاییەکان لـە ڕێگـەی لاسـاییکردنەوەی دەنگەکانـی سروشـت و بەکارهێنانـی کەرەسـتە سـادەکانی وەک بـەرد، ئێسـک و دار، یەکەمیـن میوزیکـی فـەزای چۆڵەوانییـان بەرهـەم هێنـا. دۆزینـەوە شـوێنەواریی جۆراوجۆرەکانیـش ڕاسـتیی ئـەم سـەرەتایە دەسـەلمێنن، بـە جۆرێـک لـە گەڕانـە شـوێنەوارییەکاندا ئامـرازی کـۆن دۆزراونەتـەوە کـە بەڵگـەن لەسـەر مێـژووی میوزیـک؛ بـۆ نموونـە فلوتـی دروسـتکراو لـە ئێسـکی باڵنـدە کـە مێژووەکـەی بـۆ زیاتـر لـە چـل هـەزار سـاڵ لەمەوبـەر دەگەڕێتـەوە، پێمـان دەڵێـت کـە تامەزرۆیـی مـرۆڤ بـۆ ئـاواز، هەمیشـە هاوتەمەنـی بوونـی خـۆی بـووە.

تایبەتمەندییەکانی ئامێری دەنگی سەرەتایی

تایبەتمەندیـی سـەرەکیی ئـەم ئامێـرە پێشـەنگە لـە سـادەیی بـێ خەوشـیدا کـورت دەبـووەوە، بـەو پێیـەی لـە دیزایـن و پێکهاتەیـدا تەنیـا پشـتی بـە کەرەسـتە بەردەسـتەکانی ژینگـەی دەوروبـەر دەبەسـت، وەک ئێسـک، بـەرد، دار و سـەدەفی دەریـاکان، ئەمـەش وای کردبـوو کـە دەنگـە بەرهەمهاتـووەکان تـەواو سروشـتی بـن و ببنـە ڕەنگدانەوەیەکـی ڕاسـتەقینەی سـادەیی ژیـان لـەو سـەردەمەدا. مرۆڤـی کـۆن ئـەم ئامێـرەی بـۆ بەرهەمهێنانـی ئـاواز و دەنگـی جۆراوجـۆر لـە ڕێگـەی لێـدان، فـوو کـردن، یـان خشـاندن بـەکار دەهێنـا، کـە زرنگانـەوەی جیـاواز و ناوازەیـان بەرهـەم دەهێنـا. لـە پـاڵ ئەمەشـدا، ئامێـرە میوزیکییـە سـەرەتاییەکان

تەنیا بۆ کات بەسەربردن و خۆشی بەکار نەدەهاتن، بەڵکوو ئەرکە کولتووری و ڕوحییەکانیان زۆر لەوە قوواڵتر بوو و ڕۆاڵێکی بنەڕەتییان لە سروت و ڕێوڕەسمە ئایینی و بۆنە کۆمەاڵیەتییەکاندا دەگێڕا.

جۆرەکانی ئامێرە دەنگییە سەرەتاییەکان

ئەم کەرەستە سادانە بەپێی شێوازی بەکارهێنانیان دابەش دەبوون؛ لەوانەش ئامێرەکانی لێدان کە لە دار و بەرد پێکهاتبوون و پێکەوە لێ دەدران بۆ بەرهەمهێنانی دەنگی ڕیتمی و ڕێکخراو، هەروەها ئامێرەکانی فووکردن، وەک فلووتی دروستکراو لە ئێسکی باڵندە، یان سەدەفی دەریایی کە بە فوو لێدان دەنگیان تێدا دەخرۆشاند. لە پاڵ ئەمانەشدا ئامێرەکانی ژێ هەبوون، کە هەرچەندە لە سەردەمە سەرەتاییەکاندا زۆر دەگمەن بوون، بەاڵم شێوەنەوارناسان ژێی سادەیان دۆزیوەتەوە کە لە پیشاڵی ڕووەکی، یان دەماری ئاژەاڵی دروست کراون و سەرەتایەکی لێاڵ، بەاڵم دڵنیایان بۆ ئامێرە ژێ و تەلدارەکان ڕەخساندووە.

گرنگیی ئامێری دەنگ لە پەرەسەندنی میوزیکدا

ئەم پەرەسەندنە سەرەتاییە گرنگییەکی بێ ئەندازەی هەیە، چونکە بووە بنەما بۆ میوزیکی مۆدێرن و سەرجەم ئەو ئامێرە میوزیکییە ئاڵۆزانەی کە ئەمڕۆ لە جیهاندا دەیانبینین. لە ڕووی مرۆییەوە، لە بەهێزکردنی کارلێکی کۆمەاڵیەتی و ڕێوڕەسمە بەکۆمەڵەکان یارمەتیدەرێکی گەورە بوو، کە ئەمەش بەشداریپێکی کاریگەری لە پەرەسەندنی کۆمەڵگە مرۆییەکان و دروستبوونی دەربڕینی کولتووری و پێوەندیی ناوەکی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە کۆنەکاندا، کرد.

بەردەوامی و کاریگەری

ئەم کاریگەرییە لە ڕێگەی نەریتە فۆلکلۆرییەکانەوە تا ئێستاش بەردەوامە، بە شێوەیەک زۆر لە ئامێرە میوزیکییە نەریتییەکان لە کولتووری جیاوازەکاندا ڕەگوڕیشەیان لەم ئامرازە سەرەتاییانەوە وەرگرتووە و پارێزگاری لە تەکنیک و شێوازی میوزیکی هاوشێوە دەکەن. هاوکات، توێژینەوەی شوێنەواری و میوزیکییەکان هەمیشە تیشک دەخەنە سەر ئەم قۆناغە، چونکە لێکۆڵینەوەی شوێنەواریی میوزیکی یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی پەرەسەندنی میوزیک بە درێژایی سەردەمەکان، هاوکات لێهاتوویی و داهێنانی مرۆیی لە سەردەمە کۆنەکاندا پیشان دەدات.

ئامێری دەنگی سەرەتایی نوێنەرایەتیی سەرەتای گەشتی مرۆڤ دەکات لە دۆزینەوەی جیهانی میوزیکدا. سادەیی و پێوەندییە نزیکەکەی لەگەڵ سروشتدا؛ ڕەنگدانەوەی ڕوحی داهێنانی مرۆیین لە کۆنترین شێوەیدا، ئەگەرچی تێگەیشتن لەم بابەتە ڕێزگرتنمان بۆ مێژووی میوزیک قوواڵتر دەکاتەوە، بەاڵم کاتێک باسی دەنگ دەکەین، ناتوانین تەنیا لە کەرەستە ڕەقەکاندا کورتی بکەینەوە، چونکە دەنگی خودی مرۆڤ خۆی، گرنگترین و کاریگەرترین ئامێری میوزیکییە لە مێژوو و زانستی میوزیکدا.

ڕۆڵی دەنگی مرۆڤ لە میوزیکدا

دەنگی مرۆڤ یەکەمین پەیامبەر و ئامراز بوو کە مرۆڤ بۆ پێوەندیکردن و دەربڕینی ناخی بەکاری هێناوە؛ بەجۆرێک کە لە ڕێگەی گۆرانی و دەنگ هەاڵبڕینەوە، تاکەکان دەیانتوانی گوزارشت لە خۆشی، خەم، خۆشەویستی و شانازی بکەن. پێش داهێنانی نووسین، ئەم دەنگە بووە هۆکاری گێڕانەوەی چیرۆک و پاراستنی نەریتەکان و بە زارەکی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گواستراوەتەوە. لە هەمان کاتدا، لە هەموو کولتوورەکاندا، دەنگی مرۆڤ، لە ڕێوڕەسمە ئایینی و ڕوحییەکان و سروود و نزا گوتراوەکان بەشێکی دانەبڕاو بووە، هەمیشە بەشێکی سەرەکی گەشتی ڕوحیی مرۆڤایەتی بوون، جیا لەمەش کاتێک گۆرانییە فێرکارییەکان بۆ فێربوونی زمان و چەمکە سەرەتاییەکان یارمەتیی منداڵانیان داوە، ئەم دەنگە وەک ئامرازێکی فێرکاری و پەروەردەیی بۆ پێگەیاندنی

نـەوە نوێیـەکان بـەکار هاتـووە.

گرنگیی دەنگی مرۆڤ لە میوزیکدا

گرنگیـی دەنگـی مـرۆڤ لـە فرەچەشـنییە ناوازەکەیـدا سـەرچاوە دەگرێـت، چونکـە خاوەنـی ڕێژەیەکـی فراوانـی دەنـگ و ئـاوازە کـە لـە دەنگـە زۆر بەرزەکانـەوە تـا دەنگـە زۆر نزمـەکان، دەگرێتـەوە. هیـچ ئامێرێکـی میوزیکـی دروسـتکراوی دەسـتی مـرۆڤ ناتوانێـت بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ و بـێ پـەردە و وەک چـۆن قورگـی مـرۆڤ دەیـکات، هەسـتەکان بگوێزێتـەوە، ئەمـەش وای کـردووە ببێتـە هێزێکـی بێوێنـە بـۆ کارلێکـی ڕاسـتەوخۆ لـە نێوان گۆرانیبێـژ و بیسـەراندا و پردێکـی سـۆزداریی پتـەو لـە کاتـی پێشکەشـکردنی میوزیکـدا بنیـاد بنێـت.

پێگەی دەنگی مرۆڤ لە مێژووی میوزیکدا

ئەگـەر سـەیری پێگـەی مێژوویـی ئـەم ئامێـرە سروشـتییە بکەیـن، دەبینیـن لـە میوزیکی کۆنـدا دەنگی مـرۆڤ، ئامێـری سـەرەکی بـووە بـۆ گۆرانیـی میللـی و سـروودەکان، دواتر لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا، میوزیکی کڵێسـا بـە شـێوەیەکی بەرچـاو پشـتی پـێ بەسـت و کـۆرس و سـروودە گریگۆرییـەکان بوونـە گەواهیـدەری ئـەو سـەردەمە. لـە سـەردەمی ڕێنیسـانس و باڕۆکـدا، جیهـان شـایەتحاڵی گەشـەکردنی تۆپێـرا و میوزیکـی کـۆڕاڵ بـوو، کـە تێیـدا تۆپێـرا وەک تێکەڵەیەکـی دراما و میوزیـک، بـۆ بەرجەسـتەکردنی کەسـایەتییەکان، بـە تـەواوی پشـتی بـە توانایـی دەنگـی مـرۆڤ دەبەسـت. لەگـەڵ هاتنـی سـەدەی بیسـتەمدا، شـێوازە میوزیکییـە نوێیـەکان وەک جـاز، ڕۆک و پـۆپ پەرەیـان سـەند کـە تێیـدا دەنگـی مـرۆڤ ڕۆڵـی سـەرەکی گێـڕا و ڕەهەندی نـوێ و داهێنەرانـەی بـە جیهانـی گۆرانـی بەخشـی.

پەرەسەندنە زانستی و تەکنیکییەکان

دیـارە پەرەسـەندنە زانسـتی و تەکنیکییەکانیـش پشـکی خۆیـان لـەم گەشـتەدا هەبـووە، بـە جۆرێـک بـوارە زانسـتییەکانی وەک دەنگناسـی و دەروونناسـیی میوزیکـی؛ بـۆ لێکۆڵینـەوە لە چۆنیەتـی بەرهەمهێنانی دەنـگ و کاریگەرییەکانـی لەسـەر دەروونـی گوێگـر، پەرەیـان سـەند. هـاوکات، تەکنیکەکانـی تۆمارکـردن و بەرهەمهێنانـی دەنـگ، گۆڕانکاریـی گەورەیـان بەسـەردا هـات؛ داهێنانـی مایکرۆفـۆن و تەکنەلۆژیـای چارەسـەرکردنی دیجیتـاڵ ڕێگەیـان دا دەنگـی مـرۆڤ بـە بەرزتریـن کوالێتـی تۆمـار بکرێـت و لـە ئاسـتێکی بەرفراوانـی جیهانیـدا بـاڵاو بکرێتـەوە.

دەنگی مرۆڤ لە ئەمڕۆدا

ئەمـڕۆ، دەنگـی مـرۆڤ لـە نـاو جـۆرە میوزیکییـە هاوچەرخەکانـدا هێشـتا لـە لووتکـە و پێگەیەکـی دیارداییـە؛ لـە میوزیکـی کلاسـیکەوە تـا هیـپ هـۆپ، دەنگـی مـرۆڤ دڵـی لێـدەری هەمـوو شـێوازێکی هونەرییـە. بەهـۆی ئـەم پێگـە گرنگەشـەوە، فێرکردنـی میوزیـک و ڕاهێنانـی دەنـگ لـە قوتابخانـە و پەیمانگـە میوزیکییەکانـدا بووەتـە کۆڵەگەیەکـی بنەڕەتـی بـۆ پەرەپێدانـی لێهاتوییەکانـی گۆرانیگوتـن.

بەمـەش دەگەینـە ئـەو ڕاستییەی کـە دەنگـی مرۆڤ تەنیـا ئامێرێکـی میوزیکیـی سـادە نییـە، بەڵکـوو بەشـێکە لـە ناسـنامە، ڕوح و مێـژووی مرۆڤایەتـی. ئـەم دەنگـە لـە ڕێگـەی توانابیـە بێسـنوورەکەی بـۆ دەربڕیـن و دروسـتکردنی پێوەنـدی، بنەمـای میوزیـک پێـک دەهێنێـت و جوانتریـن تابلـۆی فرەچەشـنی و دەوڵەمەندیـی کولتووریـی مـرۆڤ بـە درێژایـی مێـژوو نەخـش دەکات.

بـۆ نووسـینی ئـەم وتـارە سـوود لـەم سـەرچاوانە وەرگیـراوە:

- تاريـخ الموسـيقى العالميـة، ثيـودور م. فينـي، ترجمـة د. سـمحة الخولـي ومحمـد جمـال عبدالرحيـم، ج١، الهيئـة العامـة لقصـور الثقافـة - القاهـرة، ٢٠١٥.
- تـراث الموسـيقى العالميـة، كـورت زاكس، ترجمـة د. سـمحة الخولـي، المركـز القومـي للترجمـة - القاهـرة، ٢٠١٤.
- الضجيـج.. تاريـخ إنسـاني للصـوت والإصغـاء، ديفيـد هنـدي، ترجمـة بنـدر محمـد الحربـي، دار كلمـة للنشـر - أبـو ظبـي، ط١، ٢٠١٦.
- الصـوت البشـري آلـة عبقريـة، د. سـليم سـعد، دار الجيـل الأخضـر - بيـروت، ٢٠٠٠.